**نامەیەك لەخوێنەریكی بلاوكراوەی ئۆكۆتبەرەوە**

# مرۆڤ وەك ڕەهەندێكی دەسبەسەرا گیراو

**گۆران ڕەووف / سیدصادق**

هەموومرۆڤەكان كە لەجیهاندا ژیان دەكەن  خاوەنی ئایدۆلۆژیاو سروشتی خۆیانن و خاوەنی هەست ونەست و بەهرە فەنتازیایەكانیانن كەبەردەوام هەوڵی بەرجەستەبوونیان دەدەن بۆخۆناسینەوە وخۆدۆزینەوەیان. مرۆڤ لە كۆمەڵگا پێشكەوتووەكاندا بەتایبەتی لەوڵاتانی ڕۆژئاوادا خاوەنی بیری هونەری وزانستی خۆیانن ودەتوانن لەژێر هەوای ئازادیدا بەهرەو خولیاكانیان دەربڕن هەست بەبونی مرۆڤایەتی خۆیان دەكەن دەبنە خاوەن ڕەهەندێكی تایبەت بە خۆیان دەسكەوتی گرنگ و بەرچاو بەدەس دێنن لەبوارە جیا جیاكانی خۆیاندا. وەدەوڵەت ودەسەڵات بەردەوام هەوڵدەدات بۆ زیاتر بەدەسهێنانی حەزو خولیای تاكەكانی كۆمەڵگەكەی وەهەوڵی بەردەوام دەدات بۆئەوەی زیاتر چاوی كۆمەڵگاكانیان ڕۆشن بێت لەو دنیا تایبەتەی خۆیان دەیانەوێت دەوڵەت زیاتر هەوڵ دەدات لاوان زیاتر هەست  بەئارامی دەرونی بكەن و بتوانن خزمەت بەخۆیان و چواردەوریان بكەن وژیانێكی ئارامی زانستیانە بەرنە سەر. بەڵام لەم كۆمەڵگە داخراوەی ئێمەدا گوێ نادرێتە مافی مرۆڤایەتی، تاكەكانی ئەم كۆمەڵگایە دەچەوسێنرێتەوە و ڕۆژانە هەوڵی دورخستنەوەی هونەرو زانست وتەكنەلۆژیای سەردەم دەدرێت هەوڵدەدەن بەئاراستەیەكی پڕلەگێژاوی هەناسە سواریدا ڕابكێشن و لەناوی بەرن .

هەموو بەهرە فەریكەكانی لاوان ومنداڵان وئینسانەكان بەگشتی لەخنكاندایە وە بەردەوام هەوڵی دامركانەوەی رەهەندی تاكەكانیان داوە و سەركوت كراون لەلایەن سیستمی سەقەتەوە و ناهێڵن چاو گوێ بكەنەوە هەست بەبونی خۆیان بكەن .

دەبینین مرۆڤ لەم كۆمەڵگەدا تەنها مرۆڤێكی ئالیەو هیچی تر وەهەموو دەسەڵاتەكانی لێ زەوت كراوە كاسیان كردوون لەهەموو ئەو ڕوداوانەی لەدەوریان ڕوودەدەن بۆنەهێشتنی زیاتر هەست ونەست و بەهرەكانیان وەبەردەوام مرۆڤەكان لەم نیشتیمانەدا لەقاڵب دەدرێن و دەستەمۆ دەكرێن. لەبەرامبەر هەموو ئەو ناهەقیانەی دەرهەق بەخەڵك دەكرێت كەمن ئەوكەسانەی داوای هەق و مافی خەڵك دەكەن لەم نیشتمانە تەسك و قاندراوەلەسیاسەتی ڕەشی تاكڕەوی .

مرۆڤەكان بونەتە كۆیلەی پارتە باڵادەستەكان خەڵك كۆنترۆڵی لێ سەنراوەتەوەو ناتوانن خۆیان خۆیان بن هەموو ژیانی خۆیان كردووە بەقوربانی بۆدروسكردنی كەشێك تا بتوانن تێیدا بژین و گوزەران بكەن بەهەر شێوە ژیانێك بێت. خەڵك تائێستا پێگەی خۆیان نەدۆزیوەتەوەبۆ دەربازبوون لە هەموو نەهامەتیەكان كە ڕۆژانە دووچاری بوون..